


ئەحلام موستەغانمی:

# کتێبەکانم پڕ فرۆشترین کتێبی عەرەبین

و: بەیان عەبدولکەریم




ئەحلام موستەغانمی نووسەرێکی ناوداری جەزائیرە و لە ڕێگەی سێینەکەیەوە (یادەوەریی جەستە)، (پشێویی هەستەکان)، (جێ گوزەر) ناوبانگی دەرکرد. لە نووسینەکانیدا زۆر بەڕاستگۆیی و ئازادانە دەنووسێت. ئەو ئاوا گوزارشت لە خۆی دەکات (ئافرەتێکم بەخت یاوەرم بووە، چونکە بەپیاوگەلێک دەورەدراوم ئەوی دەینووسم نایخوێننەوە، باوکم زمانی عەرەبی نازانێت، چونکە لە ژێر سایەی داگیرکەری فەرەنسیدا لە جەزایر بەزۆر زمانی فەرەنسی فێر بووە، پیاوەکەشم گرنگی بەبابەتگەلێک دەدات دوورن لە بواری کاری منەوە، منداڵەکانیشم لە قوتابخانەی بیانی دەخوێنن، بۆیە ئازادییەکی بەرفراوانم لە نووسیندا هەیە، چونکە دەوروبەرم ڕاستەوخۆ ناخوێننەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش من ئافرەتێکی شەرمنم و بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەوانی دی نانووسم).

*** ئایا ڕات لەسەر ئەوە هەیە لەملاولا نازناوی نووسەری گەورە لە نووسەری ناسراو و نەناسراو دەنرێت؟**

– بڕوام بەنووسەری گەورە و بچووک نییە، یان دەبێتە نووسەرێکی ڕاستەقینە، یاخود هەر نابێت، نووسەریش بەخاکەڕاییەکەی دەناسرێتەوە، چونکە نووسین دۆخی تۆقینە، ئەوەیە لە خەڵکیت نزیک دەکاتەوە. خەڵکیش خۆشیان دەوێیت، چونکە لەوان دەچیت، نەک لەبەرئەوەی لەوان باشتریت. ئێمە لە بری خوێنەر گوناه دەکەین و ئەوە دەنووسین، کە ناتوانن بیڵێن. خوێنەریش لەوەی دەیخوێنێتەوە خۆی دەبینێتەوە.

*** ئەی ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مادەی نووسین ڕاستەوخۆ لە خوێنەرەوە وەردەگریت؟**

– بەتەواوی وایە. نووسەر سیخوڕی بەسەر ئەوانی دیدا دەکات، تاکو بنووسێت. دوور نییە بەشۆفێری تەکسییەک بگەین قسەیەکی نەستەقی وا بکات ببێتە دەستەواژەیەکی گرینگ لە دەقە ئەدەبییەکەدا و فەلسەفەیەک بنوێنێت نووسەر گوزارشتی لێ بکات و بیخاتە دەقەکەیەوە.

*** ئایا پێویست دەکات نووسەر فەلسەفە بئاخنێتە دەقەکەیەوە؟**

– ئەوی پێوەندیی بەڕۆمانەوە هەبێت، وابزانم دەبێت مەرجەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو فەراهەم بن، وەکو چەمەدانێکە (جانتا) شتی قاچاغی تێدایە، دەبێت خاڵەکانی پشکنین ببڕێت، بۆیە نووسەر مێژوو و فەلسەفە و ڕا لە ڕۆمانەکانیدا بەقاچاغ دەردەکات. بلیمەتییە گچکەییەکەم (وەکو خۆم پێمخۆشە ئاوای ناو بنێم) من لە ڕۆمانەکەمدا فێڵم لە زیاد لە بیست خاڵی پشکنین کردووە، کتێبەکانیشم لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا یاساغ نەکراون، جگە لە هەندێک نەبێت، کە لە سۆنگەی ناونیشانەکانیانەوە قەدەغە دەکرێن، هێندەی کتێبە سعوودییەکانیش نین، کە هەندێک شتیان تێدان تەنانەت من بۆ خۆشمیان نانووسم، من چۆن لەسەر خۆم قسە بکەم ئاوا دەنووسم، ئەوە نانووسم کە هەست بکەم بێ ئابڕووە و شایانی بڵاوکردنەوە نییە.

*** پەشیمان نیت لەسەر شتێک پێشتر نووسیوتە؟**

– هەندێک جار لەسەر بڕێک نووسینم پەشیمانم، لێ ناچاری بڵاوکردنەوەیانم، بەهۆی پابەندبوونمەوە بەبڵاوکردنەوەی هەفتانە لە گۆڤارەکاندا، من هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو وتارانە نادەم، کەچی بینیم هەندێک لەوانەی بە نووسینەکانم سەرسامن لە ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێتەوە کۆیان کردوونەتەوە و لای خۆیانیان هەڵگرتوون.

*** خۆت چۆن دێتە بەرچاو؟**

– من ئافرەتێکی بەسۆز و زووش هەڵدەچم، سادە و ساکارم، وابزانم سادە و ساکاری لە سیفەتەکانی داهێنەرە. هەڵخەڵەتێنراوم، من لە زۆر زیانکردن بوومە نووسەر.

*** داخۆ نووسەری عەرەب دەکارێت لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە دەوڵەمەند ببێت؟**

– نووسەری عەرەب ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لە برساندا دەمرێت، لێ ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا دەوڵەمەندی بۆ ئەوانی دی بەمردوو و زیندووەوە دروست دەکات، چونکە بڵاوکەرەوەکان و فیلمسازەکان و ئەوانی دی سوودی لێ دەبینن. ئەو لە مافەکانی داماڵراوە، تەنانەت خزمەتکارێک لە نووسەر مافی زیاتری هەیە، هەرچی خزمەتکارەکەیە ئەگەر بخرێتە بەندیخانەوە، ئەوا باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی خۆی دەکاتە خاوەنی، هەرڵی بەردانی دەدات و بەدواداچوونی بۆ کێشەکەی دەبێت، کاتێکیش نووسەرێک دەخرێتە زیندانەوە، ئەوا کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە و خۆی ناکاتە خاوەنی، بەردەوامیش داوای لێ دەکرێت بەپێوە بێ و کێشەکەی بخاتە ڕوو و بەرگری لە خۆی بکات. ئێمە تەنیا ساتی مردنمان دەبێتە هاووڵاتی، نووسەر لە ژیانیدا ئەوی شایانییەتی بەدەستی ناهێنێت. نازانم نەتەوەی عەرەب چیی لە کیس دەچێت ئەگەر بڕێک پارە بۆ نووسەرەکانی دابنێت، تاکو بتوانن ژیانێکی سەربەرزانە بژین و بۆ نووسین و داهێنان تەرخان بن. هەندێک وڵات سێ ملیار دۆلار لە گوڵ خەرج دەکات، کەچی ئێمەی ڕووەک کە ئەدەب بەرهەم دێنین بۆچی بایەخمان پێ نادرێ و ژیانێکی نوێمان لە وڵاتەکەماندا بۆ دابین ناکرێت؟ جارێکیان نووسیبووم، ئەگەر وڵات لە دەست بدەین ئەوا ڕۆمانێک دەنووسین، بزربوون و لە دەستدان منی گەیاندە نووسین.

*** لە بەرابەر ئەم ستەمەدا ئەی خوێنەرەکانت؟**

– خۆشحاڵ بووم کاتێک زانیم گۆڤاری فۆربس لە ڕاپرسییەکدا ڕایگەیاند، کتێبەکانی من پڕ فرۆشترین کتێبی عەرەبین. هەروەها بەیەکێک لە دە کاریگەرترین ئافرەتی لە جیهانی عەرەبیدا هەڵبژێررام. من بەر لەو ڕاپرسییە وام لێ هاتبوو هەستم بەبێ سوودیی نووسین دەکرد، من لە مینبەری ڕاگەیاندنی دیکەوە گوتوومە، هەینێ خامەکان بەرز دەکەیتەوە ئەوا سوپایەکت هەیە لە خوێنەران پێک هاتووە. منیش دوو ملیۆن سەربازم هەن.

سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە